# ئینصاف و دادگـــەری

نووسینی: هێمن عبدالعزیز

ئـایین و بەرنامـەی خـوا چـون ئاییـنێکـی خوایـیە، یـەك لە ئەرك و پێویستی یەکانـی بریتـی یـە لـە دادگەری و نواندنی انصاف لە نێوان هەموو کەسێکدا بـە بـێ جـیاوازی، مەرجـی ڕاست گوتن لە دەرهەق کەسێکا ئەوە لە بەرچاو نـاگیرێ داخـوا مـسولمانە یـا خـود نـا..هەر چەند ئیسلام و مسولمانێتی لای خـودا تاکـە مەتلـەب و داخـوازیە، وەلێ دادگـەری و ڕاست بێژی و بە ئەمەك بـوون شـتێکە بـۆ بەرپا کردنی لە نێوان هەموو چین و توێژێکی خەڵکی دا.. کـە ئەشـلێین مسولمانان لای خوا پیرۆزن، بەڵام ئەو پیرۆزییە دەستی ئەوە ناگـرن کـە ناهەقێکـیان تـیا بـەدی کـرا و بـێ دەنـگ بـین لـە ئاسـتیاندا و هەقەکـەی بـۆ بـەیان نەکـرێ، هـەروەك کە کوفرو بێ باوەڕانیش هێندە لای خـوا قێـزەوین و بێ نرخ و قەڵبن، دیسان گەر هەقێکیان لێ بەدی کرا خراپی ئـەوان وا ناکـات کـە لـە ئیـسلامدا هەقەکانـیان بـە هـەق نـەگیرێن، هـەتا شـەیتانیش بە شەیتانی خۆیەوە لە لای خوا گەر شتێکی چاکی بووتایە یان بیکـردایە، خـوا باسـی چـاکەکەی ئەکـرد بـە لـە بەرچـاوگرتنی خـراپەو شەڕانگێزیەکانیشی.

ئەوانـەی کـە ئـێمەش ئەیلـێین بریتـی یـە لـە بابەتـێك کـە پـێی ئەگوتـرێ (الإنصاف) واتە: دادگەری و بە ئەمەکی لە بەردەم ڕاستی یەکاندا.

هەڵبەت لـە قـورئان و لە سوننەتە بە پێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ و گوتە زێـرینەکان و ژیانـی خواناسانیـشدا ئـەم سیفەتە زۆر چاك لـە بـەر چـاوو و ڕۆشن و ئاشکرا بوو، بۆ نموونە:

**خوای گەورە دەفەرموێ:**

(١) ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَــوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى ﴾ المائدة: ٨ **واتــە: ئەی ئەوانەی باوەڕتــان هێـناوە، هەمیـشەو بـەردەوام پابەندی فەرمانەکانی خوا بن، وە شـایەتی دادوەرانـە ئـەنجام بـدەن، وە دوژمنایەتـی هیچ کەس و هیچ لایەك واتــان لـێ نەکات  کە لە داد پەروەری لا بدەن، بێگومان داد پەروەری نزیك ترە لە تەقواو خواناسی یەوە.**

(٢) ﴿ يَـــا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْــوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقِيراً فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُــوا ﴾ النساء: ١٣٥. **واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشە داد پــەروەر بـن و شایەتی بۆ خوا بدەن، با شایەتی یەکەشتان زیانی بۆ خۆتان و دایك و باوکتان یا خزمانیش هەبێت، ئەگەر کەسێك لەوانە دەوڵەمەند بێت یـا هــەژار بـێت ڕەزامەنی خوا لەوان لە پێشترە، نەکەن بە هۆی ئارەزوواتی نەفسەوە لە داد پەروەری لا بدەن.**

(٣) ﴿ وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا  وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى ﴾ الأنعام: ١٥٢. **واتە: هەر کاتێك قـسەتان کـرد دادگەرانـە بـدوێن و ( لایەنــی ناهــەق مەگرن ) ئەگەر خزمیش بێت.**

**هەروەها پێغەمبەری ڕابەڕو پێشەوامان ﷺ دەفەرموێ:**

(١) ( اعدلــوا بين أولادكم في العطية ) رواه البخاري. **واتە: لە ڕووی خـەرجی یەکانەوە دادگەری بنوێنن لە نێوان ڕۆڵەکانتانەوە.**

(٢) ( لَــا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ ) متفق عليه عن أنس رضي الله عنه. **واتـە:بـاوەڕی نیە کەسێ لە ئێوە تاکو چۆنی بۆخۆی پێخۆشە واش بۆ براکەی خۆی پێ خۆش نەبێت.**

**(٣)** ( ثلاثة من كن فيه فقد استكمل الإيمان.. إنصاف الناس من نفسك وإفشاء الـــسلام والإنـــصاف في الأقطار ) رواه) رواه البخاري عن عمار بن ياسر ﷺ.
**واتە: عەممار ﷺ دەفەرموێ: سێ خەسڵەت هەن هەر کەسێ لە خۆی دا کۆ بکاتـەوە، ئـەوە بـاوەڕی لـە خـۆی دا دەسـتەمۆ کـردووە، کـە بـریتین لـە : جـێگیر کردنـی ئینـصاف و دادگـەری لـە دەروونـی خـۆتدا، سەلام کردن لە هەموو کەس، وە بە ئەمەك بوون لە نێوان هەموو چین و توێژێکەوە.**

## **بنچینەکانی** ( إنصاف )

**هەڵبەت لـە سـۆنگەی ئەمـەوە کـە ئیسلام ئایین و بەرنامەی خوایە و خێرو خۆشـی خەڵکـە لـە دونـیا.. بـۆیە بـەبێ لەبەرچـاو گـرتنی تیکـڕای چـین و تـوێژەکان داخـوا ڕەشـن یـان سـپی، دارانە یا نەدارن، بێ باوەڕن یا بڕوادار ڕۆمـن عەجـەمن، پـیاون یـا ژنـن، سـەرو کـارن یـان بـێ کـارن.. تێکـڕای ئینـسانەکان لـە دیـدی قـوڕئان و سـوننە دا وەك یـەکن و کـەس ئیمتـیازی بەسـەر کەسـی تـرا نـیە، بگـرە تـەنهاو تەنها ئەو کەس لای خوا حسێبی بۆ هەیـە کـە خواناسـترو لـە خـوا ترسترو بڕوادارترە.. بۆیە ئێمە لێرەوە چەند بنـچینەیەکی گـرنگ ئەکەین بە ئاوێنەی کەسەکان تاکو بزانن و هەوڵدەن کە چـۆن ئەکـرێ مـاف ئینصاف و دادگەری بپارێزن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ دەرو بەر بکەن:**

**بنچینەی یەکەم: جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا لە نێوان هەموو خەڵك بـە یەکسانی: وەك پێغەمـبەری خـوا ﷺ فەرمـووی:** ( ثلاثة من كن فيه فقد استكمل الإيمان.. إنصاف الناس من نفسك وإفشاء السلام والإنصاف في الأقطار ) رواه) رواه البخاري عن عمار بن ياسر ﷺ. **(لە پێشدا لێکمانداوەتەوە).**

کـەوا بـوو ئینصاف و دادگەری لە ڕێڕەوی ژیانی مسوڵماناندا ئەبێ شتێکی بەرچـاوو و ئاشـکرا بـێت و وەك کـە ئیـسلام پاکـەو لە ڕووی دادگەری یەوە تـەوفیر لـە نـێوان کەسـدا ناکـات.. بابـای بـڕواداریش ئـەبێ هـەروا بـێت.. کەسـانێك کـە بەڕاسـت لـە ئیـسلام و ئـایین و بەرنامەکەی خوا حاڵی نەبوو بـێت، هـیچ پـێوەرێك لـە مێشکی دا جێی خۆی ناگرێ ئەوە نەبێ کە خۆی ئەیـەوێو خـۆی حـەزی لێ یەتی..!! بۆیە ئەبینین کە هێندێ لە خەڵکی بێ ئاگـا.. تـەنها ئـەوەیان لا گەڕەکـە و لا مەبەسـتە کـە هاوتایە لەگەڵ ڕێڕەوو مەزەبـی خـۆی!! جـا بـا هەقـیش بـەو نـەبێ ئەوە هەرگیز گرفتێك نیە لای ئەو.

بـۆ نموونە: مەزەبی یەکان یان حیزبی یەکان تەنها لە مەزەب یان لە حیزبی خـۆیانا ئەبیـنن و بـەس.. هەر ئەمەش زۆر جار ئەبێتە هۆی دابڕ دابڕ بوونی مـسوڵمانان و لـێك تـرازان و لێکدابـڕان، وە ئەبێـتە نـێو نیشان و ناسنامەی کـۆمەڵگەی ئیـسلامی.!! زۆر جـار ئەبـینی هێـندەی کـە بابـای بـڕوادار لـە دەسـت دوژمـنان و ناحەزانی بێ جێگایە سەد هێندە بەدەست مسوڵمانی نا دادگەر ناڵە ناڵیەتی و وا وەیلاو گرفتاریەتی..!!

بنـچینەی دووەم: بەڵگـە لە هەر شتێکاو لە هەر کەسێکا بینرا ئەوە هەقە: جـا مـەرج نـیە کـە ئـەو کەسـە ناحەزتـە یـان نا، هەر چەند بوونی بەڵگە لە دەسـت کەسـێکا نابێـتە شـایەتی هـەق بـۆ ئـەو کەسـە.. وەك ئەبیـنین کـە شـەیتان ئایەتـی کورسـی فێـری ( ابـــو هريرة ) کـرد، کەچی، پێغەمبەر ﷺ فەرمـووی: ( صـــدقك وهو كذوب ) واتـە: ڕاسـتی فێر کردی، کەچی هەر درۆزنە.

بـۆیە دژوارتـرین و خراتـرین شـت کـە بنـچینەکانی ( إنـصاف ) تێك ئەدات دەمـارگیری حیزبـی یـان دەمـارگیری مەزەبـی یـە!! چـونکە دەمـارگیری

بکەوێتە مێشکی هەر کەسێکا ئەقڵی لە مێشکا ناهێڵێو دەبەنگ و گەمژەو کەری ئەکا!! چونکە لای ئەم کەسانە تەنها ئەوانە لە سەر هەقن کە لە سەر رێچکەو ڕێڕەوەی ئەوانن و بەس.!!

خۆ ئەگەر سەرنج لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ بدەین ئەبینین کە هەمیشە ئەو پێشەوا نازدارە کە پێشەنگ و ڕابەڕی هەموو ئینسانە، ئینصاف و دادگەر بووە هەتا بەارمبەر شەیتانیش وەك لە پێشەوا ئاماژەمان پێ دا..

هەر دەبێ وابێت، چونکە خوا کە ( ارحم الراحمين ) و ( احكم الحاكمين ) ە ئینصافی بە کار هێناوە لە بەرامبەر دووڕووەکانیشا، وەك دەفەرموێ: ﴿ إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ ﴾ المنافقون:١ واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ کاتێ کە دوو ڕووەکان دێن بۆ لات و دەڵێن: ئێمە شایەتی دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خوایت!! لە حاڵێکدا کە خوا خۆی دەزانێت کە تۆ پێغەمبەرو فرستادەی ئەویت، لە هەمان کاتدا خوا شایەتە کە ئەو ناپاك و دوو ڕووانە درۆ دەکەن و باوەڕیان بە تۆ نیە. بۆیە ئەبینین کە ئەو پێغەمبەرە نازدارە ﷺ هەموو ژیانی بریتی بوو لە دادگەری، ئەوەتا بە رامبەر بە ( لبيد) ئەفەرموێ: ( أصدق كلمة قالها لبيد الا كل شيء ما خلا الله باطل.. ) واتە: ڕاستترین قسەیە کە (لبید) کردی ، بزانن کە هەر شتێ بۆ خوای تێدا نابێت ناهەقە. یان بەرامبەر بە جوولەکەکان دەفەرموێ: ( لا تكذبوهم ولا تصدقوهم ). واتە: قسەکانیان نە بە درۆ بزانن و نە بە ڕاستیشیان دا بنێن.

بنچینەی سێ یەم: نابێ لاسایی شێخەکەت یان سەروکارەکەت یان حیزبەکەت بکەیتەوە: چونکە ئەمە پێی ئەگوترێ ( تقليد )، هەڵبەت تەقلیدیش یەکە لەو هۆیانەی کە ئینصاف بەخەڵکا ناهێڵێت.. بۆیە

گوتوشیانه ( لا تقلد من تحب )، واته: لاسایی ئەو کەسە مەکەوە کە خۆشت ئەوێت.

ئێستا کەسەدەی بیست و یەکە ئەبینین کە مسولمانان چەند گیرۆدەی داوی دابڕان و لێك ترازان بوو ون.. چەند بەدەستە فەریکە خوێنەوارەکانی ئێستا ( کە مەبەستی زۆرم مورجیئەکانی سەردەمە ) ئەبینین کە چۆن لە کۆلکە داریێ دا سڵەمینەوەو بەسەر گۆلکێ دا کەوتوون ! ! چۆن لای خۆیان لە دژی ( مقلد ) ە کان و ( حیزبی ) یەکان و ( مەزەبی ) یەکان تێ ئەکۆشن و بێ ووچان ماندوو نابن.. کەچی لەمسەرەوە خۆیان بوون بە کەوا سووری ( مقلدە ) کان و ئەو چوار چێوە حیزبیەی کە ئەوان لە دژی دان، چۆن وە بەر خۆیان تەسکترو تونترو توکمە تر بووە ! ! ئەگەر حیزبی یەکان یان مەزبی یەکان چەند شێخێك یان چەند مامۆستایەکیان هەیەو ئەوان پێ ی ڕازی نین، خۆ ئەبینین ئەوان یەك کەسەو ئەوەی ئەو بیلێ هەر ئەو هەوە ئەنا هیچ.. ! !

بنچینەی چوارەم: هەڵە بە هەڵە ڕەت ناکرێتەوە: نابێ بەر پەرچی هەڵە بە هەڵە بدرێتەوە، یان تانەو تەشەر بە تانەو تەشەر بدرێتەوە: وەك ئەو کەسەی هاتە لای کۆلکە مەلایەك و گوتی ئەو پیاوە پەلاماری خۆشکی منی داوەو بە زۆر ماچی کردووە، مەلاش پێی ئەڵێ، خوا دەفەرموێ : ﴿ وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا ﴾ (الشورى:٤٠) ، هەستە تۆش خوشکی ئەو ماچ بکەوە ! ! !

بۆیە کە بینیمان یەکێك جنێو فرۆش و بێ هۆش و سەرخۆشە.. جنێوێك ئەدات، یان تانەیەك ئەگرێت، ئەسڵ وایە تۆ ئامۆژگاری بکەیت و حاڵی بکەیت، ئەنا خوا دە فەرموێ : ﴿ وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلاماً ﴾

(الفـــرقان: ٦٣) واتـه: کاتـێ کـه نەفامـەکان ( بـه قسەو قسەلۆکی ناشرین بەرەنگاریان دەبن )دەلێن سلاو، ( خۆیان له قسەکانیان دەپارێزن ).

بنـچینەی پێـنجەم: نابـێ دەست له کارو باری دڵەکان وەر بدەیت و بچیته نێو نیازو مەبەستی کەسەکان:

بـێ گـومان هـەر خـوا دانایـه، هـەر خـوا زانایـه به حاڵی دڵەکان و به نیازی کەسـەکان، ئیـسنان ئـەو کاتـەی کـه حـیکمەت وون ئـەکات ، هێندێ جاران ئەقڵێـشی لـه گـەڵ وون ئـەکات، بـۆیه زۆر جـاران کەسانێك که ئەبینن با له بەرژوەنـدی ئـەو هەڵـناکات، بـیانووی بـێ کەڵك و بێ بنەماو دوور له هەموو ڕاسـتیەکا ئەهێنێـتەوە، بـۆ ئەوەی خۆی لێ قوتار کات و تۆمەتەکان لەسەر خـۆلا ببات، ئەمـڕۆش کـه ئەبینین کەسانێ که مەله نازانن و له گۆمیشان و گلەیـی له گۆمەکه ئەکەن، ئەمەش هاوشێوەو هاو وێنەی واقعێکه که ئەمڕۆ تـێ ی کەوتـووین، لـه سـەرەنجامی تـێ نەگەیشتنمان لـه زانـسته شـەرعی یـەکان و لـه دەقـه شـەرعی یـەکان، هەڵئەسـین ئەکەوینـه داوی تـۆمەت بۆ یەکتر بەستن و گلەو گازانده له یەکتر کردن، کاتێکیش که ئەبینین کەسانێ لـه ڕێـزو ڕێـچکەی ئـێمەوەیە، ئـەو دەم ئەو به پەسند ئەزانین و به لایەق و شیاوی ئەزانین، هەر چەند هەڵەو نابووت و ناڕێکیش بێت..

نموونەیەك بهێنینەوە:

ماوەیـەك بـەر لەئێـستاو ئێـستاش بـه دوایـەوە، ئەبینین چەن کەسێکی تێ نەگەیـشتوو، بـۆ ئـەوەی بـدەن لـه شێخی ئەڵبانی و له سەنگ و گەوەرەیی ئـەم زانـا سـەر ڕاسـت و پاکـه کـەم کەنـەوە، هەڵئەسـن و هێندێ لـه گوته بەڕێزەکانـی تەئـویل ئەکـەن و بـۆ مـەرام و مەبەسـی هەوەسـیان بـه کـاری ئەهێـنن، ئـەهاتن و ئەیانگـوت: شـێخی ئەڵبانـی هـیچ ڕێـزو بـه هایەکـی بـۆ مەزهەبـی ئـیمام حەنـەفی دانـەناوە، که لەیەك له گوتەکانی هاتووە، ئەڵێت:

ئەگـەر عیـسا ﷺ زیـندوو بێـتەوە، نـە حـوکم بـە ئینجـیل ئـەکات و نـە حوکمیش بـە مەزەبـی ئـیمام حەنـەفی ئـەکات!!، خەڵکـی کەمین گرتووش چـونکە ئەبیـنن کـە شـێخی ئەڵبانـی لـە سەر ڕچەو مەزەبی ئەوان نیە، دێن ئـەم قـسەیەی شـێخ دووپـات ئەکەنـەوەو ئەڵـێن: ئەوەتە نیە شێخ چۆن لە پلـەو پایـەی مەزەبـی ئـیمام حەنـەفی کـەم ئەکاتـەوەو ئەیخاتـە ڕێـزی ئینجیل؟!!

ئـێمە ئەڵێین: بە داخەوە.. تا خەڵکی ئاوا لە نێو مسوڵماناندا هەبن، ئەوا بە ئەندازەی ئەمەش زیاتر خەڵکی لەم ئیسلامە بە گومان و دڕدۆنگی ئەبن..

چـونکە گـەر ئـێمە هـەمان کاسێتی شێخ ئەڵبانی لێ بدەینەوە، ئەبیسین کە شێخ، مەبەستی زۆر پاك بووە لە ئاڕاستە کردنی ئەم دەستەواژەیدا، یەکێك لەوانـەی کـە لـە سـەر مەزەبی ئیمام حەنەفی ئەبێت و گوتوویەتی گەر عیسا زیندوو بێـتەوە بـە مەزەبـی ئـیمام حەنـەفی حـوکم ئـەکات، ئەویش ئەڵێت: نەخێـر، گـەر عیـسا زیـندوو بێـتەوە، نـە بـە ئینجـیلەکەی خـۆی و نـە بـەو مەزەبـەی تۆش کە مەزەبی ئیمام حەنەفی یە حوکم ناکات، بگرە بە ئایینی ( محمد المصطفى ) ﷺ حوکم ئەکات..

جا سەرنج دەن کە خەڵکی ئەم ڕاستیە نەبیسن و نەزانن کە شێخ کێ یە کە گـوێی لـە تەئویلـی ئـەم سـەر شـێتانە ئەبێـتەوە، جا تـا پـێی پێوەن لە ئیـسلامی وا ڕا نەکـەن و ئاوڕیـشی لێ نەدەنـەوە.. بـە ڕاسـتی ئەمەیـە نـا ئینصاف و ئەمەیە نا دادگەری.

بنـچینەی شەشەم: بۆ بەر پەرچ دانەوەی هەر کەسێك لە کەسەکان، ئەبێ ئەو پەڕی ئینصاف و دادگەری بنوێنیت:

دیسان زۆر جـاران ئـەم نـا دادگەریـە لـە نـێوان ( أهـل العلـم )دا درووست ئەبێت. کەسـانێ کـە شـوێن کەوتـەی یـەکێ لـە زانایـان ئـەبن، ئەبیـنین لە

سەرەنجامی بە هەڵە تێ گەیاندن و بە هەڵە حاڵی بوون لە زانستە شەرعی یەکان، ( یان جوانتر بڵێم: لە سەرەنجامی مل ملانێی پێشەوایان و زانایانی ئیسلامی ) ئەبینین ڕۆڵەکان و قوتابیەکانیان ئەبن بە ئەداتێکی زۆر خراپ بۆ تانە و تەشەر گرتنی زانایانی تری ئیسلامی، ئەمە هەقیقەتێکەو لە گوتنی ناسڵەممەوە.. زۆر جاران ئەبینین کەوا کەسانێ کە خراپ پەروەردە بوو ون، تەنها کاریان بۆتە ناشرین کردن و غیبەت کردنی زانایانی ئیسلامی، هەر جارەی بە تۆمەتێکەوە، جارێ ئەڵێن: ئەم پیاوە، گومڕایە، جارێ ئەڵێن: ئەم پیاوە لە مەنهەج لای داوە، جارێ ئەڵێن ئەم پیاوە تەکفیری یە، جارێ ئەڵێن: ئەم پیاوە حیزبیە.. بە داخەوە، نازانن کاتێ کە ئەم جۆرە هەڵوێست دەربڕینە چەند زەرەر بە ئیسلامە خۆی ئەگەیەنێت.. خۆزگە ئەوانەی کە هەڵگری ئەم جۆرە بۆچوونەشن تۆزقاڵێ لە زانستی ئەم زانایایە بەهرەوەر بن و بە ئەندازەی ئەوان ئیستیقامە و خۆڕاگیران هەبووایە..

بێ گومان ئەم هەڵوێستەش هەر ئەگەڕێتەوە بێ ئینصاف و ناداگەری.

هەڵبەت ئەبێ بزانین چەندی نوێژو ڕۆژوو مەرج و پێداویستی تایبەتی خۆیان هەیە، هێندەش ( جرح و تعديل ) و ناساندنی زانایان مەرج و پێداویستی خۆی هەیە.. ڕەخنە گرتن و نیشاندانی کەم و کوڕیەکان و چاك کردنەوەی چەمکە هەڵەکانی زانایان تەنهاو تەنها پیشەی زانایانی هاوشێوەی خۆیانەو بەس نەك ( طالب العلم ).

بنچینەی حەفتەم: نابێ موحاسەبەی خەڵك بکەیت بە پێی تێ گەیشتنی خۆت، یان تێگەیشتنی کەسانی تر:

بگرە پێویستە سەرنجی ڕواڵەتی قسەکان بدرێت و خەریك بە خوێندنەوەی دەروونەکان نەبیت، بۆیە پێویستە کە ویستمان وەڵامی کەسێك بدەینەوە،

یەکـەم جـار لێ ی بپرسـرێ کـە تـۆ مەبەستت لەم ئاخاوتنە چی بوو؟ یئنجا هەڵوێستی خۆتی تیا دەر ببڕیت.

( هەڵوێستەیەك: بێ گومان ئەو کەسەی کە ڕەخنەی لێ ئەگیرێت، شتێ کە زۆر گرنگە کە هەموو کەس لەبەر چاوی بگرێت: ئەویش ئایا ئەو کەسەی کە ڕەخنەی لێ ئەگیرێت، خۆی بنەڕەتەکەی درووستە، یان نا؟ وەك بلێین: ئایا ئـەو هـەر لەسـەر ئیـسلامی ڕاسـت و درووسـت و بەرنامـەی سـاغ و سەلیم ڕۆنراوە، یان یەکە لەو فیرقانەی کە ئەسڵەن بە هیچ شێوەیەکا لە ئیسلامی ساغ جێگەیان نابێتەوە؟ ئەگەر لە باری یەکەمیان بوو کە بنەڕەتەکی ساغ و سـەلیم بـوو ، ئـەوا ئەم چەند شەرحەی پێش هەڵوەستەکە ئەیگرێتەوە، بـۆی نـیە بەهـیچ تۆمەتـێکەوە ئـەو زانایـە لـە پلـەو پایـەوە نرخـی کـەم بکـرێتەوە، ئـەنا گـەر وا نەبـوو، ئەوا هەقی ئەوەی پێ ئەدرێت کە قسە لە سەر هەڵەکان بکات )

نموونەیەکـیش بـۆ ئـەم بـێ ئینصافی یە ئەوەیە کە پیاوێك لەو کەسانەی کە بە دوای هەڵەی زانایانەوە ئەگەڕێ و ڕەفتارو گوفتارەکانیان لێ بژار ئەکات، باسـی شێخێکی ئەکرد و دەیگوت: خەڵکینە کەس گوێ لەم پیاوە نەگرێت، چوون ئەم پیاوە وەهابیە! ڕۆژێ کا برا ئەچێتە خوتبەی شێخەکە ( کە ئەو پـێی وایـە: ( وەهابـیە )، شـێخ فەرمـوودەیەك ئەخوێنێـتەوەو ئەڵـێت ئەم فەرمـوودەیە ( رواه الشیخان )، کابرای مەلاس گرتووش، بە هەڵی ئەزانی و لـە نـێو ئاپـۆرەی خەڵکەکـە هەڵدەسـێتە سـەر پـێو ئەڵـێت: ئەها خەڵکیـنە نەمگـوت: ئەم پیاوە وەهابیە، ئەوەتە خۆ بە گوێی خۆتان بیستتان کە بە فەرمووده‌یەکی پێغەمبەر ﷺ ئەڵێت: ( رواه الشیطان )؟!!

سەرنج دەن بەڕێزان: چۆن کەسێ کە ئینصافی نەبوو حیکمەتیش و ئەقڵیش لـە دەسـت ئـەدات، ئـەو چونکە بە نیازی ڕەخنە گرتنەوە گوی لە شێخەکە شل کردبوون چۆن ووشەی ( الشیخان ) لێ بوو بە ( الشیطان ).

بـۆیە داگەری و ئینصاف بەشێکە لە دیاردەکانی دڵی پاك و چەندی ئینسان پێویـستی بە زانستی شەرعی هەبێ، هێندەش زیاتر پێویستی بە وە دەست هێنانی ئەم دیاردە دڵ پاکی یە هەیە.

بنـچینەی هەشتەم: بۆ کەس نیە کە حوکمە گشتیەکان بەسەر خەڵکەکاندا بسەپێنێ:

واتـە: ئەو کوفرە گشتیەی کە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دا هاتوون کە دەفەرمـووێت: هەرچـی وا بکـات نەفرەتـی لێ کـراوە، ئـەوەی واش بکـات کافـرە.. وەلێ گەر کەسێك ئەو شتانەی لێ بینرا بۆت نی یە کە پێی بڵێیت: فوڵانی مادام تۆ وات کرد، ئەوە تۆ کافریت، یان تۆ نەفرەت لێ کراویت..

بـۆ نمـوونە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: هەرچی سوو وەرگرێت، هەرچی بیدات و هەرچـی ڕێگـەی بـۆ خـۆش بکـات ئـەوە نەفـرەت لێ کـراوە، وەلێ گـەر کەسیـچکمان بـینی کـاری سـوو ئـەکات، ڕاسـتەو خـۆ قـەت ناگونجێ بڵێت: فـوڵان کـەس مـادام تـۆ سوو ئەخۆیت، ئەوە تۆ نەفرەت لێ کراویت، چونکە لێـرە ڕەنگـە پـەرچێك هەبێت لەوە کە نەتوانی ڕاستەو خۆ نەفرەتەکەی بە سـەرا بـسەپێنیت، ڕەنگـە ئـەم پـیاوە ئـەم فەرمـوودەی پـێ نەگەیشتبێت، ڕەنگـە بـیانووی شـەرعی لەسـەر نەکـرابێت، ڕەنگە پێی گەیشتووە، بەڵام ئـەوەی بـۆ ڕوون نە بووبێتەوە کە ئەم کارە مایەی نەفرەت گرتنی خوایە.. دیـسان ئـەم هەڵوێـستەی کـە ئەم ڕاستیانە لەبەر چاو ناگرێت، ئەمەش هەر ئەبێتە بەشێك لە بێ ئینصافی.

بنـچینەی نـۆیەم: تێکەڵ بوون بە کاری کەسانێك: لە ژێر بیانووی ئەوە کە بەهەقـی ئەزانـێت کـە دەسـت لـە کـارو بارەکەیەوە وەربدەیت. هەر لە بەر ئەوەیـە کـە پێغەمـبەر ﷺ دەفەرمـوێ: ( من حسن اسلام المرأ تركه مالا يعنيه ). رواه التـــرمذي عـــن ابي هريـــرةرضي الله عنه . واتە: لە نیشانەی مسوڵمانی چاك ئەوەیە کە خۆ لەکاری کەس وەر نەدەیت.

بـۆیە ئەبیـنین کـە ڕۆژێـك عائـشە ( ڕەزای خـوای لێ بـێت ) هەڵەیەکـی لـە دەرهـەق پێغەمـبەر ﷺ ئەنجامـدا، پێغەمـبەریش ﷺ بانگـی ( ابـو بەکـری ) باوکـی کـرد رضي الله عنه، و فەرمـووی: ئەی عائشە دەجا یان تۆ قسان بکە یان من، عائـشەش فەرمـووی: نـا تـۆ قـسان بکـە بـەڵام ( ولا تقل إلا صدقا)!! ئەبو بەکریش لـە عائـشە بڵـند بـووەوەو شەقێکی لێ دا، ئەوە ئەبو بەکر بە سێ سـەر بەهەقـی ئەزانی کە ەئم هەڵوێستە لە دەرهەق عائشەوە ئەنجام بدات، یەکـەم، ئـەوە بـە چـاوی خـۆی ئەبیـنێ کـە چـۆن عائـشە ئـەم قـسەیە بـە پێغەمـبەر ﷺ ئەڵـێت، دووەم: پێغەمـبەر ﷺ خـۆی بانگـی ئەبـو بەکـری کردووە، کە شایەتی حاڵی عائشە بێت، سێ یەم خۆ ئەو باوکی عائشە بوو، گـەر ئـەو موحاسـەبەی نـەکات ئـەی کـێ بـیکات،؟! کەچـی پێغەمـبەر ﷺ فەرمووی: ( ئەی ئەبو بەکر ئێمە خۆ بۆ ئەوە بانگمان نەکردیت!

سـەرنج دەن چـۆن پێغەمـبەر ﷺ ئـەم هەڵوێـستەی ( ابـو بکـر )ی بـە ناداد گەری لێکدایەوە..

بنچینەی دەیەم: کەسێ کە هەڵە ئەکات، ئەبێ سەرنجی بەرنامەکەی بدرێت کە ئایا لەسەر بەرنامەیەکی درووستە، یان لاڕێ یەو دوور و نا درووستە:

کەسێ کـە لەسـەر بەرنامەیەکی درووستەو هەڵەیەك ئەکات، ئەوە گوناهە و بـۆت نیە تاوانەکە بخەیتە سەر بەرنامەکەی، چونکە لە بنەڕەتا بەرنامەکەی سـاغ و سـەلیم و بـێ خەوشـە، بـۆیە هەڵەکـە لـە کەسـەوەیە نـەك لـە

نبەرنامەکەی، خۆ گەر کەسێکیش کە لەسەر ڕچەو ڕێبازێکی دوور لە ڕاستی و دوور لە شەرعی خوایە، ئەوا پێویستە کەم و کوڕی و خراپەی بەرنامەکەیمان هەردەم لە بەر چاو بێت، کە بابای ئاوا خراپ پێ ئەگەیەنێت.

بنچینەی یانزەیەم: هەق پێویستە وەربگیرێت، جا ئەم هەقە لە هەر کێ یەکا بێت: بی ناسی یان نەیناسی، مسوڵمانە یان بێ باوەڕ، چونکە هەق ئەوەیە کە لە لای خواوە هاتووە، وەك دەفەرموێ: ﴿ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ ﴾ البقرە: ١٤٧

چەمکێکی تر لە چەمکە هەڵەکان ئەوەیە: کە حەیفێ دیسان ئەوانەی کە دوو چاری نەخۆشی دەمارگیری مەزەبی بوو ون، تەنها هەق لە خۆیاندا ئەبینین، خۆ ئەگەر ئەم هەقە لە کەسێکا بەدی کرا، کە لەسەر نەهج و بیرو بۆچوونی ئەو نەبوو، ئەوا خۆی بە پەردەی کەعبەشەوە هەڵواسێت، ئامادە نیە کە لێ ی وەربگرێت، ( بۆیە ئیمام عەلی رضي الله عنه ) دەفەرموێ: ( هەق وەرگرە گوێ مەدە کە کێ گوتوویەتی ) بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُولَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُولَئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ ﴾ الزمر: ١٨. واتە: ئەوانەی کە گوێ بە قسەو گوفتار دەگرن و پەیڕەوی چاکترینی دەکەن، ئا ئەوانە کەسانێکن کە خوا هیدایەت و ڕێنموونی کردوون، ئەوانە خاوەنی عەقڵ و ژیری و بیرو هۆشن. یان دەفەرموێ: ﴿ وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى ﴾ المائدة: ٨ ( پێشتر مانا کراوە )

بنچینەی دوانزەیەم: ئەبێ وەڵامی هەڵە بە حیکمەت بدرێتەوە:

کەسێ کە ئەبینیت هەڵەیەك ئەکات، یان هەڵوێستێکی ناشەرعی لێ بەدی ئەکرێت، جوانترین وەڵام و بەرپەرچدانەوەی هەڵەکەی ئەوەیە کە حیکمەت

و کارزانـی دەگەڵدا بـە کـار بهێنـیت.. بـۆ نموونە کەسێك کە ئەبینیت ڕیش ئەتاشـێت، یـان گـوێ لـە گۆرانـی ڕا ئەگـرێت، بۆت نیە ڕاستەو خۆ تۆمەتی بـیدعەی بخەیەتـە پاڵ، چونکە ڕەنگە ئەو کەسە ئەمەی پێ نەگەیشتبێ کە ڕیـش تاشین یان گوێ گرتن لە گۆرانی بیدعەیەکەو لە ئیسلامدا بەرهەڵستی لێ کـراوە ڕەنگـە کاتـێ کـە تـۆ پێ ی ئەڵێیت برای باوکم ئەو شتە بیدعەیە، ئـەو زۆر لـەوە لـە ڕق ڕابـچێت کـە خـۆی لـە نـێو ئـەو هەمـوو تـۆمەتەدا ببینێـتەوە، بەڵام کاتێ کە پێ ی ئەڵێیت: بەڕێزم ئێمە پێویستە کەوا شوێن پێغەمـبەر کـەوین ﷺ و هــەر ئــەو پێـشەنگ و سەرمەشـقی ئـێمەیە کـە مـسوڵمانین و چـون مەرجـی خۆشەویـستنی خوا کە ئێمە ڕۆژانە بەنگەشەی بـۆ ئەکـەین ئەوەیـە کـە شـوێن ڕێـبازی پێغەمـبەرەکەی ﷺ زۆر بـە چـاکی بکـەوین و ... هـتد هـەروەها خۆشەویـستی ئیـسلام و پێغەمبەری ئیسلام و قورئان و مسوڵمانانی لا پەسند کەین ، ئەو دەم زۆر ئاسانە کە ئەو سیفەتە خراپانەی لە بەر خۆی دابڕنێت..

**بنچینەی سێنزەیەم: شاردنەوەو پەردە پۆش کردنی هەڵەی زانایان لەسەر هەموو کەسێکا پێویستە:**

چـونکە زانایـان میراتگـری پێغەمـبەرانن وەك هەمـوو لایـەك ئەزانن، زانایان چـراو ڕۆشـنکەرەوەی بەرچـاوی هەمـوو کەسـێکن.. زانایان نەبن خەڵکی بە کوێـری بـە ڕێگـادا ئـەڕۆن، زانایـان نـەبن، خەڵکی تێکبەر ئەبن و کەس خۆ دەبـەر کـەس ڕاناگـرێ و یەکتر ئەخۆن.. بۆیە پێویستە قەڵغان و سووپەری زانایـان بـین و لـە هـەر ئاسـتەنگ و پەرچـێکا بـە هانایـان بچین و لە پیلانی خـراپ و چـاوی ناحـەزان و فـێڵ و تەڵکـەی دوژمـنان بیپارێـزین، پاراسـتنی زانایـان پاراسـتنی میراتـی پێغەمـبەرانە.. هەمـوو ئـەو زانایانـەش کـە ئێمە مەبەسـتمانە هەردەم بەرگریان لێ بکەین، هەڵبەت ئەو زانایانە ئەگرێتەوە کە

ڕێ و شوێنی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ بەچاکی و بە پاکی گرتۆتە بەر.. ئەمە هەر ئەو زانایانەش ئەگرێتەوە کە خاوەن نەهەجێکی فیکری ئیسلامین.. چونکە ئەمڕۆ چونکە خەلیفەمان نیە.. ئەشێ ئەوەش بشێت کە خەڵکی ئەوە لە هێندێ زانایان دا ببینن کە لەسەر نەهجی درووست نەبن، هەڵبەت بەندە مەبەستم لەو زانایانەیە کە کەوتوونەتە بەرەیەك لە بەرەکانی ئیختیلاف بوون و کۆك نەبوون لەسەر دەنگەکان.

بۆ نموونە: ( خەڵکانێك کە پێیان وایە لە سەر نەهجی سەلەف سالحن و هەر ئەوانن ئەهلی سوننەو جەماعە، ئەکەونە بەرەی ناکۆکی دەگەڵ کەسانێك کە باوەڕیان بە کاری حیزبی یەوە هەیەو پێیان وایە ئەمڕۆ لەو سات و کاتەی ئێستامان دا زۆر بە پێویستی ئەزانن کەوا ئیسلام لە چوار چێوەی کۆمەڵگا یان حیزبێکا جێ بە جێ بکرێت خۆ ئەوانەش پێیان وایە کە لە سەر ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەری ئەکرەمن ﷺ.. بۆیە هەق نیە و شیاویش و درووستیش نیە، کە لەبەر ئەوەی ئەم دوو تاقمە لە چەند خاڵێکا یەك ناگرنەوە، ئیتر بۆیان درووستە هەڵەکان لە یەکتر هەڵگرنەوە، تۆمەتی گومڕایوو لادان لە مەنهەجیان بدەنە پاڵ)! بۆیە پێویستە کە هەقەکان زۆر بە ئەدەب و ڕەچاو کردنی شێوازی پێغەمبەرمان بەکار بهێنین. وە کاتێ کە عەیبی یان هەڵەیەك لە زانایەکا ئەبینن پێویستە، سەرەتا، لامان نهێنی بێ و لێ ی لە هەللا نەدەین وناوو ناوبانگی ئەو زانایە نەزڕێنین. خۆ ئەگەر هەڵە یان عەیبەکەش بڵاو بوویەوە، پێویستە کە بیانووی شەرعی بۆ بهێنینەوەو تەئویلی چاکی بۆ ببینەوە. ( ئەمەیە دادگەری و ئینصاف لە ئیسلامدا ).

بنچینەی چواردەم: درووست نیە کە تەنها ( ولاء و براء )ت بۆ چەند شێخێك هەبێت و بەس: بەو مانایە کە ئەوەی هەیەو نیە تەنها ئی ئەو

شـێخه ڕاسـتـەو درووسـتـەو ئـەوەی لەگـەڵ ئەو شێخه هامڕا نەبێت، ئەوە نا درووسـتـە و نابـێت وەرببگیرێت.. بـە داخـەوە، ئەمـڕۆش ئەو زەمەنەیە کە تـێی کەوتـووین، ئەبینن کەوا کەسانێك کە لە مەدرسەیەکا پەرەوەردە بوو ون، وایـان بۆ درووست بووە کە جگە لەو مەدرەسەیە درووست نیە سەر بە هیچ مەدرسەیەکی ترا بیت.. ئەبیننن ئەمڕۆ کە چۆن کەوتوونەتە بەر گیانی زانایـان و شـەن و کـەویان ئەکـەن و بـێ ڕەحمانـە ئەکەونـە بـەر خواردنـی گۆشـتی یـان و وەك بنێشتە خۆشـکە هەردەم لە سەر زمانیانیایە و غیبەت کـردن لایـان ئـاو خـواردنەوەیەو جـێگای ئەجرو پاداشتی خوایە..!! تۆ کە دێیت باسـی هـەر زانایەکـی لا ئەکـەیت ئـەو دێـت بـە گومـراو گومڕاکەریان ئەزانـێت.. تـەنها ئەوانـە نەبێت کە هامڕاو هاودەمی شێخەکەی ئەوانن..!! بە داخەوە ئەمەش هەر بێ ئینصافی و دادگەری یە.

بنـچینەی شـازدەیەم: درووسـت نـیە کـە خەڵکـی بەچـەند کەسـێکا تاقـی بکەیتەوە:

ئەبیـنین دیسان کەسـانێك کـە بـیرو بۆچـوونێکیان هەیـە و کـەمێ لـە بیرو بۆچـوونی ناحەزەکانیان ئەچێت دێن سیفەتی هەمان ناحەزیان ئەدەنە پاڵ. بـۆ نمـوونە کەسـانێك کـە لـە هەڵوێـستکا خەسـڵەتێکی خەوارجـی تـیا درەوشـاوەیە، دێـن یەکسەر تۆمەتی خەوارجی یان ئەدەنە پاڵ و لە هەموو شوێن و ووتارو نووسین و کتێبێکا بە خەوارجیان ئەزانن. ئەمەش بی گومان بەشێکە لە نا دادەگەری و بێ ئینصاف.

بنچینەی حەڤدەیەم: پێویستە ڕەخنەکان ئاڕاستە بن بە دیدو بۆچوونەکان نەك بە کەسەکان:

ئەمـەش بریتـی یـە لە ڕەوشتێك لە ڕەوشتەکانی ئینصاف. هەروەك ( لوط) پێغەمـبەر عليه السلام بـە گەلەکـەی دەفەرمـوو: ﴿ قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُمْ مِنَ الْقَالِينَ ﴾

الشعراء:١٦٨. واته: به ڕاستی من له كارو كردهكانتان بێزارو نا ڕازیم. سهرنج دهن له كاتێكدا كه گهلهكی ( لوط ) عليه السلام به درِنده ترین شێواز ڕوو بهڕووی ببوونهوهو به به بهدكارترین شێواز وهڵامی بانگهوازی ئهمیان ئهدایهوه، بگره ئهیانگوت: ﴿ أَخْرِجُوا آلَ لُوطٍ مِنْ قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ ﴾ (النمل: ٥٦) یارو یاوهرانی ( لوط ) دهر بكهن، چون ئهوان كوڕ گهلێكن داخوازی پاك بوون و پاك بوونهوه ئهكهن . كهچی لهگهڵ ههموو ئهو بهد ڕهوشتی یهی كه گهلهكهی ههیان بوو، ئهبینین كه (لوط) عليه السلام چۆن وهك باوكێكی به ڕهحم لهبهردهم گهلهكهی حیكمهت ئهنوێنیٚو تا ئهتوانیٚ به ئاداب و ئهتواری جوان و لهجیٚ ئامۆژگاریان ئهكات، ناڵیٚ من له ئێوه ڕازی نیم، بگره ئهڵێت: من له كردهوهكانتان نا ڕهحهتم، ئاخر ئهو پێغهمبهر بوو، بانگهزاز كارو ڕێنوێنی كهرو ئاگادر كهر بوو، ئهو ئهیهویٚ چهندی به گوفتاری چاك ئامۆژگاریان ئهكات، ده هێنده زیاتر به ڕهوشتی پاكی و بیٚ گهردی پهیامهكهیان پیٚ ئاشنا ئهكات.. بۆیه كه ئهمه ههڵوێستی پێغهمبهرێكی دڵ پاك و دهم پاك بێت.. خۆ ئهبیٚ ئێمه كه بهندهیهكین و ئهركی بانگهوازیمان پیٚ سپێرراوه چهندین و چهندین جار لهسهرمانه كه بتوانین بهم شێوازه حیكمهتهوه ڕوو بهڕووی نهفام و بیٚ باوهڕان ببینهوه.. تا ئهوهی لهباردابیٚ كه ئامۆژگاریان بكهین ئهوه لهسهرمانه كه بیكهین....

بنچینهی ههژدهیهم: دوور كهوتنهوه له جیدال و مشت و مڕی بیٚ ئاكام: ههر بۆیه پێغهمبهر ﷺ دهفهرمویٚ: (أنا زعيم في ربض الجنة لمن ترك الجدال و هو محق) رواه الترمذي. واته: من له خوارووی بهههشتهوه چاودێرم بهسهر كهسانێك كه وازیان هێناوه له جیدال و كێشمه كێش ئهگهرچیش لهسهر ههق بن.

دەگێڕنەوە کەوا (طعمة بن ابيرق) زرێ پۆشێکی لە ( قتادة بن النعمان) دزی بوو، کە جۆرکە ئاردێکی لە نێو دانرابوو، کاتێ کە نوعمان پرسیاری لە (طعمة) کرد ئەمیش سوێنی بە خوا خوارد کە چاوی پێ نەکەوتووە، ئەی چی بەسەر هات؟! کەس نازانێ، زرێ پۆشەکە جۆرکە ئاردێکی تیا بوو، خۆش بەختانە ئاردەکە لە کونێکەوە لێ ی ڕژا بوو، قەتتادەش کە ئەمەی بەدی کرد، شوێن ڕێڕەوەی ئاردەکە هەنگاوی گرت، ئەڕوا ئەبینێ کە ڕیچکە ئاردەکە بەرەو ماڵی جوولەکەیەکی ئەبات، کاتێ کە ئەچێتە لای جوولەکەکە زرێ پۆشەکە لەوێ ئەبینێتەوە، ئەمیش پێی ئەڵێت: ئەم زرێ پۆشەت لە کوێ بوو؟ ئەمیش پێی ئەڵێت: ( طعمة) هێنایە لام و ئەسپاردەی منی کردووە، پرسیار لە ( طعمة) ئەکەن، ئەویش سوێندیان بۆ ئەخوات کە هیچ زانیاریەکەم دەربارەی ئەم زرێ پۆشە نیە، زۆری نەما کە پێغەمبەری خوا ﷺ جولەکەکە تاوانبار بکات، چونکە بەڵگەکان ئاشکران و هەمووی ئەوە نیشان ئەدەن کە جولەکەکە ئەم زرێ پۆشەی دزیوە، بەڵام خوای پەروەردگار و بە بەزەیی و دادگەر ئایەت دا ئەبزێنێ و ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيماً ﴾ (النساء:١٠٥) خوای گەورە بێ تاوانی کابرای جوولەکەکەی دەربڕی و کابرای پشتیوانی تۆمەتبار کرد ...! ( رواه الشيخين ). ئەمەیە دادگەری و ئینصاف لە ئیسلامدا.

یان ئەبینن کە زەینەب قەت ڕۆژێك دانووی لەگەڵ عائشە نەکوڵابوو کەچی ئەبینن لە چیرۆکی تۆمەت بەستنەکە کە ناسراوە بە ( حادثة الإفك ) هەموو دونیا خەریك بوو ئەوە بڕوا بکەن کە بەڵێ عائشە ئەم کارەی کردووە، زەینەبی کچی جەحش ئەیتوانی ئەمە بە هەڵ وەربگرێت و پێ گیری لە ڕاستی ئەم تۆمەتە بکات، کەچی چوونکە ئەو چاك لە قورئان گەیشتبوو،

چاك ئەیزانی دادگەری پەیوەست نیە بەكەسێ كە ناحەزتە یان دۆستە، بۆیە كاتێ كە پێغەمبەر ﷺ پرسیاری عائشەی لێ كرد، زەینەب فەرمووی: ( یـــا رسول الله أحمي سمعي وبصري ، ما علمت إلا خيراً ) ئەی پێغەمبەر ﷺ من گوێ و چاوی خۆم ئەپارێزم، من هیچ شتێكم لە عائشە نەبینیوە خێر نەبێت.

یان سەرنج دەن كە چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ئینصاف و دادگەری بەرامبەر ئەهلی ( ذمـــة ) ئەنوێنێ دەفەرموێ: (من قتل معاهداً لم يَر ( يشم ) رائحة الجـــنة). سەرنجی یارانی پێغەمبەر ﷺ بدەن! ئەوە ئەبو بەكرە رضي الله عنه دەگەڵ (ربـــيعة الأسلمي) كەوتە دمە دمێ و لەیەكتر خوێندن، ئەبو بەكر قسەیەكی كرد لە دەرهەق (ربـــيعة) كە زۆر گران بوو لەسەر دڵی (ربيعة)، كاتێ كە ئەبوبەكر هەستی كرد كە زوڵمێكی كردووە لە ( ربيعة ) بەم قسەی كە لە دەرهەق ئەما كردوویەتی! هات و گوتی: ئەی ڕەبیعە! ئەویش گوتی: بەڵێ! وەڵامم دەوە هەمان شتم پێ بڵێوە كە من بە تۆم گوت! كەچی ڕەبیعە ڕەتی كردەوە كە هەمان هەڵە لە دەرهەق ئەبوبەكر دا بكاتەوە، ئەبو بەكریش پێ ی فەرموو: گەر هەقی خۆت نەكەیتەوە من ئەچم شكات لای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەكەم، بەنی ئەسلەم بە (ربـــيعة) یان گوت: ڕەحمەتی خوا لە ئەبو بەكر بێت، خۆی قسەی پێ گوتی و هەر خۆشی ئەڕوات شكاتت لێ ئەكات! ڕەبیعەش فەرمووی: بڕۆن ئەبو بەكر بانگ بكەن، با بێت بتانبینێ كە چۆن سەرم ئەخەن .. ئاخر ئەوە ئەبوبەكرە دووەم كەس بوو لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ لە ئەشكەوتی ( ثور ) خۆیان پەنهان دا (ثـــاني أثـــنين إذ هما في الغار ) ئەوە هاوڕێ و هاودەمی پێغەمبەر ﷺ بوو، كاتێ كە ئەبو بەكر تووڕە ئەبێت، پێغەمبەر ﷺ ە تووڕە ئەبێت، بە تووڕە بوونی ئەبو بەكر، خواش تووڕە ئەبێت بە تووڕە بوونی ئەم دوو پیاوە، كە

خـواش تـووڕە بـوو ڕەبیعە بە فەتارەت ئەچێت. ! ! ئە بو بەکر ئەچێتە لای پێغەمـبەر ﷺ و ڕووداوەکـەی بـۆ گێـڕایەوەو فەرمـووی: هێـندێ قـسەم بـە ڕەبـیعە گوت و دڵیم بریندار کرد، داوام لێ ی کرد کە قسەکەم پێ بڵێتەوە، کەچـی ئـەو ڕەتـی کـردەوە، پێغەمـبەریش ﷺ بانگـی ڕەبـیعەی کردو پێی فەرمـوو ئەوە چیتە لەگەڵ ئەبو بەکر؟ ئەمیش پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خـوا هـەر ئـەوە بـوو کە گوێت لێ ی بوو، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: بەڵێ وەڵامی مەدەوە، بەڵکو پێی بڵێ: ( غفر الله لك يا ابا بكر، غفر الله لك يا ابا بكـــر ) ، واتـە: خوات لێ خۆش بێت ئەبو بەکر، خوات لێ خۆش بێت ئەبو بەکر.

## ئینصافی و دادگەری لە سەردەمی خواناسیدا :

١. ئەگێـڕنەوە کـەوا ڕۆژێـك کـۆمەڵە مێـرووولەیەك بەسـەر قاچـی سـولەیمان پیـچغەمبەر ﷺ هەڵگەڕابـوون، لـە نـێو ئاپـۆرەی مێـرووولەکان مێرووولەیەك قاچـی سـولەیمان پێغەمـبەری گەسـت، سـوڵەیمانیش لـە هەژمەتـی ئـازاری گەسـتنەکەی کەوشـێکی گـرتە مێـرووولەکان و هەمـووی کوشـتن. ! ! خـوای گـەورەش پـێ ی فەرمـوو: ئـەی سـولەیمان تـەنها مێروو لەیەك تۆی گەست ئەوە ئەوانی ترت بۆ کوشت؟ ؟ !

٢. هەر دەگێڕنەوە کەوا ڕۆژێك عیسا ﷺ لە گەڵ هێندێ لە حەواریەکان بە ڕێگایـە دا ئەڕۆیـشتن لـە ڕێگـا چاویان بەکەلاکی گوێ درێژێکی تۆپیوا ڕەت بـوون، یەکـێك لـە حەواریـەکان لووتـی خۆی گرت و گوتی: ئەی بۆنی چەند ناخۆشـە، ئـەوی تـر گوتـی بزانن چـەند خـراپ ئاوساوە ئەوی تر گوتی ئایا دیمەنێکـی چـەند ناشـرینی هەیـە ؟ عیـساش ﷺ قامکـی بـۆ ددانەکانـی ڕاکێـشاو فەرمـووی: ئها بـنۆڕن ددانـەکان چـەند جـوان وسـپین. ! ! بـۆیە

ئینسان لـه سـەریەتی هەمیـشه شتی جوان لە چاوەکانی دا ببینێت و تالّب بەگەڕان بەدوای شتی نابووت و نا بەلّەد نەبێت.

٣. وەفـاداری پێغەمـبەر ﷺ بەشـێك بـوو لـه ئینـصاف و دادگـەری ئەو زاته پاکـه: بـۆیه ئەبیـنن کـه پێغەمـبەری نـازدار ﷺ کـه خێرێکـی بـۆ ئـەهات، هەڵئەسا بەشـێکی ئەبەخشی یەوە بۆ دەسته خوشکەکانی خەدیجه، که له کاتـی زێندوێتـیا ئـەهاتن و سـەردانی مالّـی پێغەمـبەریان ئەکرد، ئەمـەش وەفایەك بوو بۆ خاتوو خەدیجەی دایکمان.

تەواو.